www.kurdistannet.org
18-8-2003 18:24

# بەندو بالۆرەی داگیرکەری تورك

ئەحمەد دەشتی

هەروەك شتێكی ئاشكرایە كەدەولەتی تورك سالەهای سالە كە چاوی تەماعی لە زۆر رووەوە بە تایبەتی لە رووی ئابوریەوە بڕیوەتە خاكی پڕ لە پیت و فەری كوردستانی باشورو بە هەر بەندو بالۆرەیەكەوە بێت ئەگەر ئەم هەلەی بۆ بڕەخسێت ئەوا بە گیان و بە دل بۆ داگیركردنی كوردستانی باشور و لێدانی گەلی كورد و تێكشكاندنی ئەم هەلەی كە ئەمڕۆ بۆ گەلی كورد هەل كەوتوە هەولی خۆی دەدات و بە هیچ شێوەیەك كەم تەرخەمی بۆ داگیركردنی كوردستانی باشور ناكات و هەمیشە نیازی گلاوی دژایەتی گەلی كورد لە ناو هەست و دەروونیان دا دەجولێت و ئەم جولو جولە دنەی هەولدانیان بۆ لە ناو بردنی هەموو مافێكی ڕەوای گەلی كورد و نەگەیشتن بە ئاوات و نیازەكانی كودو كوردستان بەهەر نرخێكەوە بێت دەدەن.

ئەمرۆ دەبینین كەلە كوردستانی باشوردا هەلێكی لە بارو چاك بۆ گەلی كورد هەل كەوتووە، ئەمەش لە ژێر سایەی هاوكاری هاوپەیمانە زلهێزەكان بۆ گەلی كوردو خەبات وتێكۆشانی ڕەوای سالەهای سالی گەلی كورد ئەم هەلە وەدی هاتووەو كوردستان بەرەو ئاسۆیەكی ڕوون و دیار دەڕوات و خاكی كوردستان بە هەل و مەرجێكی لە بارو باش تێ دەپەڕێ و بەرەو گەیشتن بە مافە ڕەواكانی گەلی كورد دا دەروات.

داگیركەری تورك كە خۆیان توشی هەلەیكی مەزن كردو لە گەل هاوپەیمانەكانی خۆیان دا هاوكاریان نەكردوبەمەش زیانێكی چاكیان بە خۆیان گەیاند، دەبینین ئەمڕۆكەش ناتوانن كە جێگەی ئەم هەلەی كە دژایەتی كردنی باشترین هاوپەیمانی خۆیان كە وەلاتە یەككگرتوەكان بوو پر بكەنەوە، ئەوش ئەوەبووكە توركەكان ڕێگەی هێزەكانی هاوپەیمانەكانیان نەدا كە خاكی ئەو وەلاتە بۆ هاتنە ناو كوردستانی باشورو لێدانی عێراق لەلایەن ئەمەریكاوە لە كاتی پێویست دا بەكار بێنن و بەمەش دلی هاوپەیمانە دیرینەكەی خۆیان شكاند و ئەو بڕیارەی كە لە پەرلەمانی تورك دراو یارمەتی دانیان لەو ڕێگەوە لە باشترین دۆستی خۆیان كە ئەمەریكابوو بری، ئەم هەنگاوەی تورك كە بە زیانی خۆیانەوە تەواو بوو و بوو بە هۆی ئەوەی كە ئەمەریكاش لەو بارەوە پشت بە توركیاوە نەبەستێت و هێزەكانی خۆی پاشە كشە پێ بكات و ئەمەش لە بەر چاوی خۆیان بگرن كە توركەكان لە كاتێكی زۆر ناسك و پێویست دا هاوكاریان لەگەل ئەواندا نەكرد و بەمەش زۆر یارمەتیە ئابوریەكانیان لە لایەن ئەمەریكاوە لە خۆیانەوە بڕی و لەو بوارەوە زیانێكی باشیان پێكەوت و ئێستاش ناتوانن كە جێگەی ئەم زیانە پڕ بكەنەوەو بەرەو ڕمانی ئابوریەكی تەواو دەڕۆن و بێ دۆستایەتی ئەمەریكا تەنیا خۆیانن كە زیانیان پێ گەیشت و ئەمەش لە بەرژەوەندی گەلی كوردیش بوو.

ئەمرۆش دەبینین كە خودی توركەكان هەستیان بەوە كردووە كە وەلاتە یەككگرتوەكانی ئەمرێكا لەو بارەوە لێیان لا لوتن و هیچ گوێشیان پێ نادەن و هەتا ئەمرۆكەش لە گەل ئەوەی كە خودی ژەنەرالە توركەكان داخوازی ئەوەن كە رێگە بدرین لەشكر كێشی بۆ خاكی كوردستان بكەن و بە ناو هاوكاری هیزەكانی ئەمەریكاو چەسپاندنی ئاسایش لەو ناوچەیەدا كە تا ئەمرۆكە ئەمەریكیەكان و هاوپەیمانان نەیان توانیوە لە باشوری عێراق دا ئەو ئاسایشەی كە پێویستە وەدی بێنن، گوایە لە بەر ئەوەی كە ژەنەرالە توركەكان ئەم بارەبەهەل دەزانن و لەم رۆژانەدا بەندو بالۆرەیەكی زۆر لە توركیاو ناوچەكە بۆ دابەزینی سەربازانی تورك بە ناوی پاراستنی ئاسایش لەو ناوچەیەدا خۆیان گیف دەكەنەوەو دەیانەوێ كە بە هەر شێوەیەك بێت لەو ناوچەدا جێگەی پای خۆیان لە كوردستان و عیراق دا بكەنەوەو نیازە دیرینەكانی خۆیان بپێكن و بۆ ئەو مەبەستەش داوا لە زلهێزەكان واتە لە وەلاتە یەككگرتوەكان دەكەن و تەنانەت دەیانەوێ كە ئەوان جێگەی ئەمەریكاش بگرنەوەو لە شوێن بریمەریش ژەنەرالەكی تورك هەبێت و فەرمان رەوایی لە عێراق دا بكات و هەرچیەكی كە نیازی ناپاكیشیانە وەدی بێنن، ئەم هەلوێستەی توركەكان جگەلە سودلەو هەموو سەروەت و سامانەی خاكی عێراق و بوونی دەستێكی بالا لە بونیاد نانەوەی عێراقێكی تازەوە كە بەشێكی باشیان پێ ببرێت و هیچ نەبێ ئەو ئابوریە ڕماوەی كە تورك هەیانە كەمێ پێ زیندو ببنەوەو دەیانەوێ لەو ئاسۆیەشەوە شكەستێ بەو هەل و مەرجەی كە ئەمرۆكە لە كوردستانی باشور هاتۆتەكایەوە بدەن و دژ بە گەلی كورد هەموو

نیازەکانیان لەو بوارەوە وەدی بێنن و دووشەش بێنن، گەلی کورد کە ماەوی دوازدە سالە لە باشوری کوردستان لە گەل هەموو کەم و کورپەکیەوە وا خۆی بەرێوە دەبات و لە یەکەم ڕۆژی لێدانی دکتاتۆرەکەی عێراقیش دا بە گیان و بە دل هاوکاری وەلاتە یەککگرتوەکانی کردو توانیویەتی کە لەو ناوچانەی خودی کورد تیا خاوەن دەسەلاتە ئاسایش و ئارامی وەدی بێنێ و تا ئەمرۆکەش سەربازێکی ئەمەریکایی لە ناوچەکانی کوردستان دەمی بە خوێن دا نەهاتوەو گەلی کورد بە پێچەوانەی باشوری عیراق بە چەپکە گولە ڕەنگاو ڕەنگەکانەوە بەرەو پێشی سەربازانی ئەمەریکایی چوون و هاتنی هێزی ئەمەریکایان بۆ کوردستان بە دۆستایەتی و هۆی ڕزگاری گەلی کورد لە ژێر چنگی ئەو دڕندانەوە زانی و ئەمەش بۆ خودی تورکیا ئەوەندە ئاسایی نیە کە دلیان پێ خۆش بێت، ئەوان کەدەبینن لە بەر چاوی ئەوانەوە گەلی کورد توانیویەتی دۆستایەتی وەلاتێکی زلهێزی وەك ئەمەریکا بکات و ئەو هەموو بوختان و درۆو دەلەسانەی کەهەموو داگیرکەرانی کوردستان سالەهای سال بوو دژ بە گەلی کوردیان دەکردو گەلی کوردیان بە گەلێکی دڕندەو نا ئاسایی لە ناو جیهان دا قەلەم دابوو، ئەمرۆکە لە بەرچاوی زلهێزەکانی ئەم جیهانە دەرکەوتوەو ئێستاکەزلهێزەکان زۆر چاك دەزانن کە گەلی کورد تەنیا زولمی لێ کراوەو ئەوەی کە داگیرکەرە دڕندەکان بۆ بەدناوی گەلی کورد گوتویانە هیچی وا نیەو کورد میللەتێکی ئاشتی خوازەو تەنیا داوای مافەرەواکانی میللی خۆی دەکات و دەیەوێت لە ناو مال و حال و خاکی خۆی دا سەر بەست و ئازادو ڕەها بژیت و هەرگیز پەلامارەدەرو دڕندەو مرۆ کوژ نەبووە لەوەتی کە هەیە تەنیا بەرگری لە خاکی خۆی و بوونی خۆی کردووەودەکاتن، ئەمەش مافێکی ڕەوای هەموو گەلانەو داگیرکەرانی کوردستان ئەوپەڕی زولم و زۆرداریان لە گەلی کورد کردووە.

من پێم وایە کە دەولەتی تورك و هەموو داگیرکەرانی کوردستان تازە جارێکی تر ناتوانن کە نیازەکانی خۆیان لە کوردستانی باشورو تەنانەت کوردستانی ژێر چەپۆکی خۆشیان وەك جاران دژ بە گەلی کوردئەنجام بدەن، سا لە ژێر باری هەر ناوێکەوە بێت و کە بیەوێ وەدی بێنێ و تازە ئەو ڕۆژگارو ساتانە بە سەرچوون کە دەولەتی تورك ببێ بە نێرەکەرو هەرچی بیەوێ لەو ناوەیە دا دژ بە گەلی کورد ئەنجامی بدات و بۆی بلوێت، باشترین شت بۆ داگیرکەری تورك تەنیا ئەوەیە کە واز لە دژایەتی گەلی کورد بێنێن و بە پێچەوانەوە هەول بدەن کە دان بە ماف ئەوچل ملیۆن کوردەش کەسالەهای سالە لە ژێر ڕکێفی دەولەتی داگیرکەریانەوە بەبێ هەموو مافێکی میللی و تەنانەت خوێندن و نوسین و دەربرینی هەستی پاکی نەتەوایەتیشیان لێ قەدەغە کراوەو دان بنێن و واز لەم هەموو دژایەتیەی گەلی کورد بێنن چونکە هیچیان بۆ ناچێتە سەرو گەلی کورد هەر بە ئاواتەکانی خۆی دەگات، ئەگەر بێت و هەروەك ڕابوردو پەرە بەم سیاسەتە بۆگەنەکانیان بدەن ئەوارۆژێ هەردیێت کە ئەوانیش بە دەردی سەدامە خوێن ڕێژەکە دەڕۆن و چونکە ئاگری ماف خواراوان و زۆر لێ کراوان زۆر بێ ئەمانەو جەستەی هەموو زۆردارو داگیرکەر و چەوسینەرانی میللەتان گڕ تێ بەردەداو هەرگیز زۆرداران هەتا هەتایە ناتوانن کە گەلانی ژێر دەست بچەوسێننەوە.

تازە گەلی کوردیش بە تایبەتی لەم هەل و مەرجەی ئەمڕۆدا لەوە دەرچوە کە ژێرچەپۆکی و چەوساوەیی داگیرکەران قەبول بکات و دەولەتی تورك بە کەیفی خۆیەوە بێت و جلیتانێ لە کوردستانی باشور بکات و نیازە گلاوەکانیان وەدی بێنن، خەیالیان خاوەو سەریان لە بەرد داوەو تازە بە کوێرایی چاوی هەموو داگیرکەرانەوە ئالای کوردستان هەل دراوەو بۆ هەمیشە دەشەکێتەوەو کوردستان بەرەو سەرکەوتنی هەمیشەیی دەڕوات.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.